"کاوە ئەمین"لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان

لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا تونراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە ، نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمڕۆ دیەوێت ، بکرێتە مێژوو؟

کاوە ئەمین : بۆ ئەوەی خۆم لە وەڵامی ئەم پرسیارە، کە دەکرێت بە نەخێر یانیش بەڵێیەک کۆتایی بێت، دووربخەمەوە، دەبێت کەمێک باسی ئەنفال وەک پرۆسەیەکی ڕەگەزبەرستی کە لە مێژووی کوردستان دەیانجار دووپاتبووەتەوە، بکەم.

بە درێژایی مێژووی لکاندن و دابەشکردنی کوردستان بەو وڵاتە سەرەدەستانەوە، دەیان جار پەنا بۆ کۆکوژیی کورد براوە. دەکرێت کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی تورک لەسەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی 1925 و کۆکردنەوەی سڤیلی کورد لە ئەشکەوتەکان و ئاگر تێبەردانیان یاخود بە زیندویی فڕێدانە نێو رووبار و گۆلاوەکانی کوردستان وەکو سەرەتایەک بۆ جیناۆساید بە دژی کورد لە مێژووی مۆدێرنیدا، چاولێبکرێت. ئێران و سووریاش کەمتەرخەمییان نەکردووە لە بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی جۆرەکانی جینۆساید بەدژی کورد. بۆیە ئەو نمونەیەم هێنایەوەو لە پارچەیەکی تری کوردستانەوە هاتمە نێو ئەم باسەوە دەمەێت بڵێم کە ئەنفال بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە کوردستان پیادەکراوە، بەڵام سەددام و ڕژێمەکەی هاتن هەموو ئەم تاوانانەیان لە ژێر سێبەری هێرشی ئەنفالدا کۆکردەوە و ناویان لێنا ئەنفال. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەنفال چەتری هەموو تاوانەکانە کە لە کوردستاندا کراون، جا ڕاگوێزانی گوندەکان بێت یانیش بە کۆمەڵ کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی کوردستان بێت یانیش وێراکردن و شێواندنی ژینگەی کوردستان، کورت و کورمانجی لە ڕەگ وریشەهەڵکێشانی هەموو شتێک بۆنی کورد و کوردبوونی پێوە بێت.

ڕەنگە لە دوای پاکتاوکردنی جولەکەکان و ڕۆمەکان (قەرەجەکان یانیش لەهەندێک وڵاتدا بە ڕۆمەکان دەڵێن زگێنەرە،بەڵام ئەوان خۆیان بە ڕۆم یانیش ڕۆمەنی ناودەبەن، بە داخەوە دنیا لە ئاستی قڕکردنی ڕۆمەنیەکان تا ئێستاش بێدەنگی هەڵبژاردووە و تەنها باسی جولەکەکان دەکرێت) بە دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا ، ئەنفال گەورەترین کردەوەی لە نێوبردنی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بێت و پاشانیش لە ڕەوەندا. ناکرێت بڵێین کە ئەنفال پرۆژەیەکی کاتی بوو بەڵکو پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و زۆر بۆ پێش هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات دەگەڕێتەوە و تەنانەت زیادە ڕۆیی نییە گەر بڵێم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام و سەددامیش بە زانییەوە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژارد بۆ ئەوەی وا تێبگەیەنێ کە کورد ناموسڵمانن و ویژدانی مردارەوەبووی وڵاتانی ئیسلامی بە جوڵە نەکەوێت. دیارە پێویست ناکات ئێمە وەک هەندێک کەس دەیکەن هەمیشە بۆ باکگراوندی وشەکە بگەڕێینەوە تا ئەسڵی مەسەلەکەی خۆمان لە بیربکەین و هێرش بۆ سەر ئاینی ئیسلام بەرین. بەڵام زۆر گرنگە وشەی ئەنفال وەکو وشەی جینۆساید کە کە بەمانی کۆمەڵکوژی یان کۆکوژی دێت، بکرێتە وشەیەکی جیهانی، واتە کە باسی ئەنفال کرا ئازارەکان و کۆمەڵکوژیەکانی کە دژی کورد کراون بەبیر خەڵک بهێنرێتەوە، هەروەک چۆن ئێستا وشەی ئینتیفازە بەهەموو زمانێک تەعبیر لە شۆڕشی بەردی فەلەستینیەکان دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی گەورەی تاوانەکە و ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال، دەکرێت لە وەڵامی پرسیارەکەدا بڵێم کە ئەنفال نەکراوەتە مێژوو، تا ئێستاش نەبووەتە بەشێکی گرنگ لە مێژووی کورد. دەیان فاکتەری نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی لە پشت ئەوەوەن کە ئەو تاوانانەی کە بەدژی کورد ئەنجامدراون نەک بە جیهانی بەڵکو وەکو ئەوەی کەهەیە بە کوردیش نەکراون. دەبوو ئەنفال تائێستا بکرایەتە یەکێک لەوانە مێژوویەکان لە باشووری کوردستاندا، پارچەکانی تری کوردستان لە ڕەوشێکی تردان.

لە ڕاستیدا ئەوە کاری تاکە کەس نییە بەڵکو دەبێت دەوڵەت بەوکارە هەستێ. بۆیە ئەگەرچی درەنگیش بێت، دەبێت حوکوومەتی داهاتووی باشووری کوردستان هەرچی زووترە دەزگایەک (ئینیستیشونێک) بە نێوی ئەنفالەوە دامەزرێنێ، دەیان پسپۆری مێژووی وئێرکۆلۆگی و جیولۆجی و مافی مرۆڤ هیتر کە

سەروکاریان لەگەڵ ئەو باسەدا هەیە، دەستبەکارین. پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال کە هەموو لایەنەکانی بگرێتەوە، بۆ نمونە سەرژمێری کردنی قوربانیەکان و بۆ ئەوەی بە دیکۆمێنت بتوانرێت 182000 قوربانی ئەنفال بسەلمێندرێت، ئیتر هەر کەسەو بە ویستی خۆی ژمارە نەڵێت. هەموو ئەو گوند و ناوچانەی کە بەر هێرشی ئەنفال کەوتوون، بەوردی و بە دیکۆمێنت نەک بە گۆترە ناونووس بکرێن. ئیتر هەرشتێک کە پەیووەندی بە ئەنفالەوە هەیە بکرێتە بەڵگە و دیکۆمێنت جا لە ناوی زیندەوەرانەوە لە حەشەرەیەکەوە بگرە تا دارگوێزێک هەچ شتێک زیانی پێکەوتبێت دەبێت بکرێتە بەڵگە. چونکە دنیای ئیمرۆ دنیایی بەڵگە و سەنەدە. کێ هەیە نەزانێت سەددام چ تاوانبارێکە بەڵام ئەگەر لە مەحکەمەیەکی نێونەتەوەیدا دادگایی بکرێت، دەبێت هەموو تاوانەکانی بە بەڵگەو دیکۆمێنتەوە بسەلمێندرێن، دەنا رەنگە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت.

کارێکی فرە ژیرانە ئەوەیە کە دەستوبرد بکرێت لە دیاریکردنی تاوانبارانی ئەنفال، جا لەسەرەک جاشێکی کوردەوە بگرە تا دەگاتە زابتێکی عەرەب و سەددام و داروەدەستکەی، واتە دەبێت ئەنفال بکرێتە بەڵگەیەکی مێژووی وا کە بتوانرێت چارەنووسی کوردستانی پێدیاری بکرێت و لە چوارچێوەی عێراقی بوون رزگار بکرێت. ئەگەر ئەو شتانەی کە بەکورتی باسمکردن بکرێن ئەوا دەتوانین بڵێین ئەنفال دەبێت بە مێژوو، مێژوویەک کە نەک کورد بەڵکو مرۆڤایەتیش بهەژێنێ.

دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی رۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا، سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال؟

کاوە ئەمین : بەداخەوە گەلێک جار کە باسی رۆشنبیری دەکرێت ئەوانەی کە خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن دەڵێن کورد رۆشنبیری نییە، ئیتر هەریەکەو بە جۆرێک پێناسەی رۆشنبیر دەکات، بۆیە زەحمەتە کەسێک بێت ئەرک بۆ رۆشبنیر دیارییکات وەکو خاوەن ئیش چونکە ئەوەی کەمن لیی تێگەیشووتم، رۆشنبیری پیشەیەک نییە بچیت بۆی بخوێنیت و شەهادەیەکی بۆ وەرگریت، بۆیە من دەمەوێت بەشێوەیەکی تر بچمە نێو ئەم باسە کە پەیووەندی بە ئەنفالەوە هەیە. دیسان ناچارم باسی کۆمەڵکوژی جولەکەکان بهێنمەوە تا هەم شتی لێوە فێربین و هەم بۆ ئەوەی بەراودری بکەین لەگەڵ ئەنفالدا. لە دوای سالانی پەنجاوە بە تایبەتی دوای دامەزراندی دەوڵەتی ئیسرایل لە ساڵی 1948، هەتا ئێستا بە هەزاران کتێبی لێکۆلینەوە، بیرەوەری، رۆمان، چیرۆک، شیعر و هەچی لقوپۆپی ئەدەبیاتە، نووسراون و سالانە دەیانی تر دەردەچن، ئەمە جگە لە فیلمە سینەماییە بەناوبانگەکانی کەلەسەر ئەو جینۆسایدە کراون، هەزارن کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەستراون و دەیان جار ئەو تاوانە خراوەتەوە ئەجندای نەتەوە یەکگرتووەکانە، دیارە دەبێت ئەوەش بووترێت کە هەموو ئەو کارانە لەلایەن جولەکەوە نەکراون بەڵام زۆرەبەی ئەوان لە پشتییەوە بوون. جا ئەگەر باسی ئەو کارانە بکەین کە بۆ ئەنفال کراون لە پەیووەندی لەگەڵ گەورەیی تاوانەکە، ئەوا بە داخەوە دەبێت بڵێین یان لە سفرداین یانیش پلیەک لەسەروی سفرەوەین. رەنگە بەراوردی جولەکە و کورد و کۆمەڵەکوژیەکانیان، کارێکی کردەنی نەبێت، لەپەیووەندی لەگەڵ دەسەڵات و ئاستی رۆشنبیری ئەواندا، بەڵام دیسانیش کورد زۆر کەمتەرخەمە. هەتا ئێستا رۆمانێک کە بتوانێت تەعبیر لە ئەنفال بکات و بچێتە نێو قولایی دەرونی مرۆڤەکانی ئەنفال و دەورەبەرییەوە نەنووسراوە، کە رووی مەجلیسی ئەدەبیاتی جیهانی هەبێت. کوا ئەو هەموو هونەرمەند وخۆ بە سینەماچێکەرە لە کوێن بۆ فیلمێکیان لەسەر ئەنفال دروست نەکرد؟ خۆ ناکرێت ئەمەش بە کردەوەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە شەتەکە بدەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زۆر بە رێزەوە باسی ئەو هەوڵانە بکەین کە بۆ ناساندن و پەردە لەسەر هەڵماڵینی تاوانەکانی رژێمی عێراق دراون، لەوانە کتێبەکەی کاک شۆرش حاجی بە ناوی ئەنفال – کورد و دەوڵەتی عێراق، بە تایبەتی دیکۆمێنتکردنی ناوی ئەو تاوانبارە کوردانەی کە دەستیان لە ئەنفالدا هەبووە و زۆرشتی تری بەنرخ چونکە کتێبەکە پشتی بەو سەرچاوانە بەستووە کە لە شێوەی ئەو بەڵگەنامانەی لە کوردستانەوە بردران بۆ ئەمریکا، کە دەبوو بە پێچەوانەوە بوایە، هەچی دیکۆمێنتە لە کوردستان کۆبکرایەتەوە تا کورد خۆی بتوانێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

کارێکی تری گرنگ ئەو کۆنفرانسە بوو کە لە هەولێر لەژێر ناوی کۆنفرانسی زانستی – ئەکادیمی ئەنفال لە مانگی چواری 2002 دا بەسترا و نزیکەی بیست لێکۆڵینەوەی جیاواز لەلایەن پسپۆڕانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کوردەوە پێشکەشکران و پاشان لە گۆڤاری زانستی سەنتەری برایەتی ژمارە 24 لە بەرگێکی جواندا هەموو ئەو لێکۆڵیەنەوانە بڵاوکرانەوە. هەروەها گۆڤاری هەشتاوهەشت کە من تەنها ژمارە یەکیم لەلایە، بەرهەمی بەپێزی لەسەر ئەنفال لە خۆ گرتووە. کەواتە دەکرێت بڵێین کە هەوڵ دراون بەڵام کەمن و دەبێتە بە داوو دەزگابکرێن، چونکە ئەنفال لە کتێبێک و دوان و هەزاراندا جێگای نابێتەوە بۆیە دەبێت پەلەکانی تری زانست و ئەدەبیش بگرێتەوە.

**دەنگەکان** : **دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە؟**

**کاوە ئەمین** : بێگومان دەبێت ڕۆژێک دایاری بکرێت کە ببێتە ڕۆژێک لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە و هەر کوێیەک کە کوردی لێدەژی یاد بکرێتەوە. ئەوەش بڕیارێکی سیاسییە دەکەوێتە سەرشانی پەرلەمانی کوردستان چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت پەرلەمان شەرعیترین دەسەڵاتی خەڵکە و ئەوان بەزۆربەی دەنگ هەڵیان بژاردووە، ئەوەش دەبێت دوای دەیان گفتوگۆ و پرس و ڕاکردن بە لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستانەوە بکرێت، چونکە ئەنفال تەنها هی باشوور نییە دەبێت بکرێتە تراژدیایەکی نەتەوەیی کە هەموو کوردو ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستان دەژین بە هی خۆیانی بزانن و یادی بکەنەوە. بۆیە ئەگەر کارێکی وا بکرێت نەک هەر پرۆژەیەکی سەرکەوتووە بەڵکو واجبێکی نەتەوەیی و مرۆڤانەیە کە نابێت چیتر دوا بخرێت.